# ئای كەدەبەنگن. . . وەلامێک بۆ هیوا گوڵ محەمەدی ... جەمال فەتاح

لەسایتی گومانێلیكراوی ئیتلاعاتپۆستدا وتارێكت بلاوكردووەتەوە لەبن ناوی (ئەورووداوانەی زۆر زوو لە بیریان دەكەین!) پێش ئەوەی بێمە سەر وەڵام دانەوەی ئەوانەی كاوێژت كردوون ئەبێت ئەوەت بەبیر بێنمەوە كەتۆ كوردێكی خۆرهەلاتی كوردستانی كەهێشتا تاكە میترێكی خاكەكەی ڕزگاری نەبووە، بەلام باشوری كوردستان لەسایەری هێزی پێشمەرگەی كوردستان وكاك مەسعودو مام جەلال گشت سەركردایەتی سیاسی كوردستانی باشورو جەماوەری ڕاپەڕیوی كوردستانی باشورەوە نزیكی سەرجەم خاكەكەی ئازادەو ئەوەشی ماوە لەسەر ڕێگای ڕزگار بوونە، ئەوە كوردستانی باشورە كەبووتە بنكەو پایەگاو قەلای سەرجەم كوردی پارچەكانی تری كوردستان وئەوە سەركردایەتی سیاسی كوردستانی باشورە كەبەبەرچاوی ئەو هەموو دوژمنە بەهێزو پڕچەكەی ئێران وتوركیەو سوریاوە زۆر بەئاشكرا دالدەی سەركردایەتی سیاسیو هێزی پێشمەرگەی گشت پارچەكانی تری كوردستان ئەدات بەبێ ئەوەی حسێب بۆئەوگشت دوژمنە سەر سەختە بەهێزەی ئێران وتوركیاو سوریا بكەن، كاكی دەبەنگ ئەمە جورئەتو شەهامەتە نەک خیانەت ئەوەتەنها ئێوەی دەبەنگن كەلەبەر خاتری داگیركەران ودەبەنگی خۆتان چاوتان ڕاستیەكان نابینێت، یان ئەتانەوێت ڕاستیەكان بەئاوەژۆ نیشانبدەن.
یان دێیتو قەوانە كۆنەسواوەكانی جاشوجاسوسەكۆنەكان و دوژمنانی نەتەوەی كورد ئەجویتەوەو باس لەنەكسەی شۆڕشی ئەیلولی مەزن ئەكەیت و وەک هەر كۆنەجاشێک بەئاشبەتالْ ئەیجوێنیت، بۆئەمەشیان دیارە تۆی دەبەنگیش وەک هەردەبەنگێكیتر خوێندەوار نیت ومێژوی گەلی كوردو شۆڕشی ئەیلولی مەزن ونوسینەكانی دۆستو دوژمنانی گەلی كوردت لەسەر شۆڕشو نەكسەی شۆڕش نەخوێندووەتەوە بۆیە هەر لەدەمی بۆگەنی كۆنەجاشو نۆكەرانی دوژمنانی كوردو شۆڕشی ئەیلولەوە ڕاستیەكان بەئاوەژۆ فێركراویت، دەناشۆڕشی ئەلولی مەزن بەپیلانێكی نێودەولەتی بەسەركردایەتی ئەمریكای ئەوسەردەمە كەلەگەلەكەمانیان كرد لەناوچو نەک ئاشبەتالی كردبێت، ئەو وتە پڕوپوچانە وتەی دوژمنانی گەلەكەمان بوو كەلەڕابردوودا بۆدژایەتی شۆڕشی ڕەوای گەلەكەمان بەدەمی جاشوجاسوسو خۆفرۆشانو ئەلْقەلەگوێكانی خۆیانیان ئوسپارد هەروەک ئێوەی دەبەنگوئێستا.
یان تۆگەلی كوردستانی باشور بەسەقەتو نەخۆش لەقەلەم ئەدەی، چونكە سەرۆک مەسعود بارزانیان بەسەرۆكی خۆیان هەلْبژاردووە، بۆئەمەشیان من ئەیسەلمێنم كە هەر بەتەنها ئەقلیەتی تۆ هاودەوریەكانت كەوەک تۆ بیر ئەكەنەوە نەخۆشوسەقەتە نەک گەلی كوردستانی باشور، چونكە نەک تەنها كوردی كوردستانی باشور كوردی سەرجەم پارچەكانی كوردستان جگەلەكەسانی دەبەنگو دەرون نەخۆشو تاوانبارو خۆفرۆش چاوی هیوایان لەقەوارەی كوردستانی باشورە بەتایبەتی چاوی هیواو ئومێدیان بڕیوەتە جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی كە وەک ڕاستگۆترین سەركردەو بەوەفاترین ڕابەرو قارەمانترین پێشمەرگە نەتەوەكەمان بەیەک جاری ڕزگاربكات وبڕیاری سەربەخۆیی نەتەكەمان ڕابگەیەنێت كەئەورۆژەش زۆرنزیكە، .
یان وەک وراوەی نەخۆش هاتویت لەم بەناو وتارەتدا وەک. . . . . . . هار جگەلەكاک مەسعود ومام جەلال پەلاماری یەكێتی وپارتی وپەرلەمانی كوردستان وڕێزدار كاک محەمەد حاجی مەحمودو كاک عەدنانی حەمەی میناو ژنەفێمەنیستی كورد مهابادقەرەداخی وهتد. .

داوه ئەم وڕاوانە من جگە لەڕاسپاردەی داگیر کەران بۆدژایەتی کێشەی سەرکەوتوی کوردستانی باشورو سەرکردایەتی سیاسی کوردستانی باشور بەهیچیتری نابینم، چونکە سەرکەوتنەکانی کوردستانی باشورو سەرکردایەتیە شۆڕشگێڕە بەئەمەکەکەی جگە لەدوژمنانی کوردو جاشوئەڵقە لەگوێکانی هیچ کەسیک بەتایبەتی هیچ کوردێکی دڵسۆز دژایەتی سەرکردایەتی سیاسی کوردستانی باشورو کێشەڕەواکەی ناکات.

یان جارێکیدی ڕوداوەکەی کەلار وەک قەوان لێئەدەیتەوە لەکەلار ئەوی خۆپیشاندانی کردووە خەڵکی بەشەرەفی کەلار بوو ئەوەشی خۆپیشاندانەکەی گۆڕی بۆئاراستەیەکی ناشارستانی هەرخەڵکی کەلار بوون ئەوەشی بەرنگاریان بووەوە هەر خەڵکی کەلار بوو واتە کێشەیەکی ناوخۆیی خەڵکی شارۆچکەی کەلارە هیچ پێویستنیە جەنابت بەفیتی دوژمنان لەخەڵکی کەلاری گەورە بکەیت چونکە تۆناتوانی وەک پێشمەرگەکانی کەلارو گەرمیان دڵسۆزی خەڵکی کەلار بیت، وەک ئەوانەی کەدەیان ساڵ شەویان لەسەر ڕۆژ داناو گیانی خۆیان بەخشی لەپێناوی ئازادی خەڵکی کەلارو گەرمیاندا. ئێستاش خەڵکی کەلار ئەتوانن کێشەکانی خۆیان بەشێوەی گفتوگۆو گوێ لەیەکگرتن ولەیەک گەشتن چارەسەر بکەن پێویستیان بەکوێخای وەک جەنابت نیە.

لێردا ئامۆژگاریت ئەکەم پێم باشە ڕێزی خۆت بگریت وەک لەسەرەتاشەوە ئاماژەم بۆکردووە جەنابت کوردی خۆر هەڵاتی کوردستانی ئێمە وەک ڕۆشنبیران ونوسەرانی کوردستانی باشور سەرەڕای ناکۆکی سەرکردایەتی سیاسی کوردستانی خۆرهەڵات لەنێوان خۆیان وکەمو کوڕیەکانیان یان کەم وکۆڕیەکانی پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیە یان هەڵەوکەموکوڕیە کانی سەرکردایەتی کوردستانی خۆرئاوا بەڵام سەرنجی سەرجەم ئەوگشت ڕۆژنامەو گۆڤارو دەسگاکانی ڕاگەیاندنو هەتا سایتەکوردیەکانیشبدەن ڕێگا بەخۆمان نادەین لەسەر کەسایەتیەکی سیاسی یان لایەنیکی سیاسی یەکێک لەپارچەکانی تری کوردستان تاکە دێڕێک بنوسین یان تاکەوشەیەکیش دەربڕین جگەلە هەندێک ئاماژەی ناڕاستەوخۆ ئەویش زۆر بەڕێزەوە ئەنوسرێت. لەلایەکیتر جەنابیشت نوێنەری کوردستانی خۆرهەڵاتنیت نەک نوێنەر نیت بەڵکو بەسفری پاش فاریزەش ناخوێنرێیتەوە. وەلەلایەکیتر جگە لەتۆ یەک کوردی پارچەکانی تری کوردستان دژی کێشەی کوردستانی باشورو سەرکردایەتی سیاسی کوردستانی باشورو لایەنە شۆڕشگێڕە کانی کوردستانی باشور نیە، کەدیارە جەنابیشت گاڵی تاڵی خۆت تێکەڵی گاڵی تاڵی کۆمەڵێک خەڵکی دۆڕاو وناشۆڕشگێڕو کۆنەجاشو پاتاڵ ودەرون نەخۆش کردووە، سەرەڕای ئەوەی کورد هەموویەک پارچەو یەک نەتەوەیە بەڵام هەرپارچەیەک سەرکردایەتی سیاسی وپارتولایەن وهێزی پێشمەرگە وسەربەخۆیی خۆیان هەیەو لایەنەکانو سەرکردایەتی سیاسی هەرپارچەیەکیش بەپێی پرەنسیپێک سەربەستی خۆیان هەیە. بۆیە ئەوئاکارەی تۆ دوورە لەوپرەنسیپەو لە بەرژەوەنی نەتەوەکەمان ودەست تێوەردانە لەکاروباری ناوخۆی پارچەیەکیتری کوردستان ئەمەش بەپێی یاسا هەڵەیەو سزای یاسایی خۆی هەیە.

لەلایەکیتر تۆوەک تاکێکی کورد مافی نوسینی وتەی پڕوپوچو هەڵبەستراوی پڕوپوچت نیە بەتایبەتی کەبیدەیتە پاڵ سەرکادایەتی سیاسی کوردستانی باشور، یان مافی ئەوەت نیە کەدرۆو هەڵبەستراو دژی سەرۆک مستەفابارزانی نەمر کەتاکە سونبولی نەتەوەکەمانەو بووەتە جێگای پرستن بۆبەشێکی زۆری نەتەوەکەمان، چونکە نەتۆ لەوئاستەدایت وەنەلەبەرژەوەندی کوردیشە ئەوگشت درۆو تاون وبوختانەی کەتۆ ڕیزیان ئەکەیت، بۆیە پێم باشە بەقەد بەڕەکەی خۆت پێت درێژبکەیت.

لەکۆتاییدا دژایەتی تۆو هاودەوریەکانت بۆکێشەی ڕەوای کوردستانی باشورو لایەنە سیاسیە شۆڕش گێڕەکانی وسەرکردایەتیە سیاسیە سەرکەوتووەکەی بۆچی و؟؟لەپێناوی

چی؟؟لەڕاستیدا جێگای گومانە بۆلەم کاتەو لەکاتێکدا کوردستانی باشور لەگشت پارچەکانیتری کوردستان سەرکەوتووترە وەکورد ئەگەر پشویەکی بەبەردا هاتبێت تەنها لەهۆی ئەوسەر کەوتنە بەرچاوەی کوردستانی باشورەوەیە ئیتر بۆچی ودژایەتی کردنی ئێوە لەپێناوی چی؟؟وەجگە لەدوژمنانی نەتەوەکەمان کێیتر کەڵک لەودرۆو هەڵبەستراوە پڕوپوچانەی ئێوە وەر ئەگرێت. بۆیە بتانوێ ونەتانوێ ڕاستەخۆ نوسینە درۆ هەڵبەسراوەکانتان ئەچێتە خانەی دژایەتی گەلەکەمان وخۆشتان ئەکەونە خانەی نۆکەرایەتی بۆدوژمنانی نەتەوەکەمان. واتە چی سەرنجامێک چاوەڕوانی نۆکەران وخۆفرۆشانبکات هەرئەوەش چاوەڕوانی ئێوەیە. . .

جمال فتاح
2005/9/20